# کۆمەڵگە...کایەی گۆڕانکاریەکان

بەشی دووەم

فورات سلێمان

کۆمەڵگـــەی کوردســـتان بـــە قۆنـــاخی کۆیلایەتیدا ڕانەبردووە، کۆیلایەتی نەبۆتە سیمای پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی ئـەو کۆمەڵگایـە کـە تێیـدا کۆیلـە هـۆوهێزی بەرهـەمهێنان بێـت، بـەڵکو پـردی پەڕینـەوە بـووە بـۆ کۆمـەڵگای چینایەتی، لەسـەر بناغەی خاوەنێتی سەڵتیی ئاژەڵ فەراهەم بووە، بە مانـای کۆمـەڵ بـۆ کۆیلـە وخـاوەن کۆیلـە دابـەش نـەبوون، هەروەهاپرۆسـەی بەرهـەمهێنان پشـتی بە کۆیلە نەدەبەست ، بەڵکو سیمای پاترياركييان لە خـۆ گرتـووە، لـە كـارە گشـتيەكانياندا كاريـان پێـدەكردن و هـەموان خاوەنيـان بـوون، ئاشـكرايە شـێوازی بەرهـەمهێنان ناتوانرێـت بـەهۆی بـوونی شـێوەيەك لەشـێوەكانی تـەڵيان كردنـەوە ديـاری بكرێـت هـەر چـەندە ئـەو شـێوەيە بـوونی هـەبێت چونكە پابەنـدی سيسـتەمی ئـابوری و پێـك هـاتی كۆمەڵايەتييە، ياسايەك بەڕێوەی ئەبا، بەڵام ئەمە دانـە دواوەی بـوونی كۆيلـە نييـە لـە كوردسـتاندا بـەڵكو بەئاشـكرا لـە نووسـينەكانی ئاشـور، مـاد، ئۆرارتـۆ، ماننـا...جـەخت لەسـەر بـونی كۆيلـە دەكەنـەوە، بـەڵام كۆيلـە لـە كوردسـتاندا خزمـەت گـوزاری بـووە، وەڵی كاتێـك كۆمەڵگـە پەڕيیـەوە بـۆ كۆمەڵگای فرەچين پەيوەندی نێوان خێڵ و هۆزەكان لـە پێـك هـاتێكی ئارەزومەندانـە بـۆ سەرپەرشـتی كاروبـاری ئەنـدامان و بەرجەسـتەكردنی خواسـت و داواكاريـەكانيان لێـك هەڵوەشـايەوەو گـۆڕا بـۆ پێـك هـاتێكی تـاڵان كـەرو چەوسـێنەرەوە، ئـيتر يـەكێتی خێڵـــەكان(فيدراســـيۆنەكان) بـــەهێزترين و بەدەسەڵاتترين خێڵيان ناوكی يەكێتيەكەی دروست دەكـرد، هـــەروەها بـــە پێچـــەوانەی لەوەوبـــەرەوە يـەكێتی بـەر ئـەنجامی ئارەزوومەندانـە نـەبوو لـە هەموو كاتەكاندا بەڵكو زۆر جار پەلامارو زۆريشی لە خۆ دەگرت، دەسەڵاتی سـەركردە سوپاييەكان و سەرۆك هۆزەكان زۆرتر دەبوون، خواسات و ويستی دروسـتكردنی دەوڵـەت سـەری هەڵـدا كـە بـۆ خـۆی بەرجەسـتەكردنی ئاسـايی پێداويسـتی شـێوەی

بەرهەم هێنان و پارێزگاری کردن بوو لێی.

**کورتەیەك دەربارەی کوردستان و قوڵای مێژویی:**

دروستبوونی ژیان لەسەر زەمین لە چەند ملیون ساڵێك لەمەو بەرەوە دەست پێدەکات وەڵێ ژیانی مرۆڤ ماوەیەکی کورتی ئەم ماوە دورو درێژ دەگرێتەوە، ئەوماوەیەش دەکەوێتە چاخی سێهەم وچوارەمی تەمەنی زەویەوە، بەمانای پێش پەیدابوونی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی ژیان هەبووە، ڕێ خۆشکەر بووە بۆدروستبون وپێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ ، هەر لەسەرەتای ژیانیەوە لەڕێی پاڵنەرەکانەوە(الدوافع) هەوڵی داوە دەست بەسەر سروشتدا بگرێ و بیخاتە خزمەتی خۆیەوە، زیاترو زۆرتر هۆکارەکانی دابینکردن و بەرەو پێشەوە بردنی ژیانی دەستەبەر بکات کە بەهۆی کارو بەبەکارهێنانی دەستەکانیەوە توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر دەستی بەسەردا بگرێ و بیگۆڕێ، ژیارییەکی پێشکەوتوو بنیات بنێت، هەروەها لەسەر ئەنجامی ئەم پڕۆسەیەشەوە کە مێشك ڕۆڵێکی گرنگی تێدا گێڕاوە سروشتی مرۆڤ بۆخۆشی گۆڕاوە. ئالێرەوەیە کە لەئاژەڵ جیادەکرێتەوە , چونکە ئاژەڵ خۆی لەتەك سروشتدا دە گونجێنێت ، بەهۆی غەریزەکانیەوە( برسێتی, سێکس ,خۆ دەرباز کردن ... هتد) بەردەوامی خۆی دەستەبەر دەکات ، لەکاتێکدا کە لەلای مرۆڤ پاڵنەرەکان هاندەرو ئەنجامدەری ئەم پرۆسەیەن .(1)

پسپۆرانی جیۆلۆجیا چاخی چوارەم دابەش دەکەن بەسەر دوو بەشدا :

1. چەرخی پلایستۆسین کەپتر لەنیو ملیۆن ساڵی خایاندووە ، چوار ماوەی بەستەڵەك تێیدا ڕووی داوە .
2. چەرخی پاڵیۆلیس کە دوایین گەرمایی پاشماوەی چوارەمی چاخی بەستەڵەکە ، مرۆڤی نوێ و هۆشیار لەو سەردەمەدا ژیاوە ، بە (هۆلۆسین) ناودارە.(2)



کوردستان ئاووهەوایەکی باش و لەوەڕگا ومێرگ وکانی زۆری تێدا بووە کە بۆتە هۆی کۆبونەوەی گیاندران، هەروەها درەختێکی زۆری بەرداری هەمەچەشنەی تێدا بووە کە هۆکاری دابینکردنی خۆراکن بۆ مرۆڤ ، لەو سەردەمەدا ڕاپەرمووەتە سەر ڕاو وکۆکردنەوە بەری درەخت، لە ئەشکەوتەکاندا ژیاوە. هەر لەسەردەمە دێرینەکانی مێژووەوە ژیانی تێدا بووە, ئاوەدان بووە. ئەو ساتەی مرۆڤ خۆراك چن بووە, لەسەر راووشکارو چنینەوەی خۆراك ژیاوە، گوێ چەم و روبارو سەراوو کانیاوو هەردەکانی کوردوستان گیاندارو خۆراکی مشەی تێدا بووە, مرۆڤی بۆ خۆی کێش کردووە, بەڕۆژ بەشوێن خۆراکدا سوڕاوەتەوە,

بەشەویش لەئەشکەوت و بن بەردو...ی دەوروبەردا خۆی شاردۆتەوە چی لەترسی گیانداری دڕندە یا لەترسی مرۆڤی تر تا پێویستی و دابینکردنی ژیان لەیەکی نزیك کردوونەتەوە, گروپی بچوك بچوکیان دروست کردووە, بەشوێن خۆراك و دەستەبەر کردنیدا سوڕاونەتەوە, وەلێ کاتێك کشتوکاڵی دۆزیوەتەوە کە بۆتە سەرەتای نیشتەجێ بون و خۆراك چاندن ئیدی گوندو شارۆچکەو شاری بنیات ناوە, قەڵا و شورەی بە دەوردا دروستکردون بەمەبەستی پارێزگاری و بەرگری لەخۆکردن, گەر چاوێکی خێرا بە کوردستان وجێگا وپاشماوەکۆنینەکانیدا بگێڕین ئەم ڕاستییەمان زیاتر لەلا ئاشکرا دەبێت, رونتر بەرچاومان دەکەوێت کە دەیەها گردو تەپۆلکەی دەستکردی تێدا دروستکراوە ، ئەمانە جێسەنگەرو قەڵای بەرخۆدان بوون, جێگایەکی گرنگ و ستراتیژی سەربازییان هەبووەو هەیە, هەتا رۆژگاری ئەمڕۆش لەدەستیان نەداوە.

ئەم وڵاتە لانکی مرۆڤە ، لەسەر دەمانێکی زۆر زووەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە سەر ئەنجامەکانی هەڵکۆڵینی ئەشکەوتەکانی هەزار مێرد، زەرزی، تەنگی بابدا...هتد ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنن ، هەروەها جەخت ئەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی کوردستان بنیاتنەری شارستانی ناوچەی خۆیانن ، لە شاخەکانەوە بەرەوخواربونەتەوە بەتایبەتی بۆناوەراست وخواروی عێراقی ئێستا کە بەهۆی قوڕلیتەی هەردوو ڕوباری دیجلە و فوراتەوە وشکانی زیادی کردووە ، لە پێش هاتنی ئەماندا دانیشتوانی تێدا نەبووە. هەرچەندە هەندێ راودیدوبۆچونی جیاواز هەیە لەم ڕووەوە، قسە لەوە ئەکەن کە گوایە ئەو هۆزە کۆچەرانەی کە بە شێوە ئاخاوتنێکی لێك نزیك قسەیان دەکرد ،ئەمڕۆ بە( هێندو– ئەوروپی )ناسراون لەسەر شێوەی چەندشەپۆلی جیاجیادا قەفقاسیایان بڕیوەوگەیشتونەتەچیاکانی زاگرۆس وتێیدا نیشتەجێ بوون :

*کۆچکردنی خێڵەکانی هیندو ئەوروپایی بە چەند شێوەی جیاجیا لە یەکتر بووە ، لە چەند کاتێکی جیاوازدا ڕویداوە ، دەتوانرێت بگوترێت کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دا دەستی پێکردووە.(3)

*براندشتاین دەڵێت : یەکەم گروپی ئەم کۆچ کەرانە هۆزەکانی ئاریایی بوون کە لە پێشدا لە کازەخستان و دەورو بەریدا نیشتەجێ بوون , لە گەڵ کولتوری ئەو وڵاتەدا تێکەڵاوییان پەیدا کردووە , پاشان لە ئێران دا بڵاوبونەتەوە پاش ئەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زەریای قەزوینیان بڕیوە.(4)

بەڵام بەهەشتی ئەمین زەکی بەگ دەڵێت :من وای بۆ دەچم ئەو تیۆریەی کە دەڵێت کوردەکان لەناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زاینەوە هاتوون بۆکوردستان زۆرلاوازە بە پێچەوانەی تیۆریەکانی سپایزەرو هاورێکانی کە دەڵێن باپیرانی کورد دانیشتوانی ڕەسەنی چیاکانی زاگرۆس یا کوردستانن کە ئەم تیوریەیان بەهێزە ، لە ئاوەزەوە نزیکە ، تیۆری هاتنی کوردەکان لە دووخاڵدا دەداتە دواوە :

1. ئەم کۆچکەرە تازانە چۆن لە کوردستاندا جێگیربوون ؟ کوردستان نەچۆڵەوانی بووە و نە بیابان تا کەس تێیدا نەژیابێت وئەمان بە

ئاسانی هاتبن و تێیدا جێگیر بووبن، گەر نا دەبێت بە هۆی هێزی میدیەکانەوە جێی خۆیان کردبێتەوە کە ئەمەش لە راستیەوە دوورە چونکە گەر شتی وەها ببوایە لەناو تابلۆکانی ئاشوریەکان و خالدیەکاندا کە هێشتا لە ناو نەچووبون بەرچاومان دەکەوت کە چۆن میدیەکان ئەو گەلانەیان لەناو بردووە .

2. چۆن توانییان ئەوگەلانەی کە لە کۆنەوە لەکوردستاندا نیشتەجێ بوون لەناویان بەرن ؟ (کوردوئین _ کاردویکای) کە کۆچ کەرە تازەکانن لە نێو نەخشەی ئەتنوگرافیای گەلانی کۆندا ناوچەیەکی هەر زۆر بچووکیان گرتۆتەوە کەدەیەکی ئەو ناوچانە ناکات کە (ماد ، نایری ، لۆلۆ ، گۆتی ...) تێیدا نیشتەجێ بوون ، گەر ئەم کۆچ کەرە تازانە لەو ناوچە بچوکەدا هێندە کەم بووبن چۆن توانیویانە ئەم گەلانەی تر لە ناوبەرن ؟.(5)

ئاشوریەکان چەند جار هێرش و شالاوی قورسی دڕ،دانەیان هێناوتە سەر ولاتی لۆلۆ، گۆتی، مید،.... دەستیان لەژن و پیرو پەککەوتە نەپاراستووە, منداڵەکانیان سووتاندووە, پەنجەی گەنج و لاوەکانیان بڕیووە بۆ ئەوەی دەستیان چەك نەگرێ و شەڕیان لەگەڵدا نەکەن, دانیشتوانی ناوچەو دەڤەرەکانیان بەزۆر راپێچی نەینەوا کردووە, مەلا عەلی (عەبدوڵا قەرەداغی) لەم رووەوە جەخت دەکاو دەڵێ((ئاشوریەکان لەهەموو ماوەی فەرمانڕەوایییاندا کە لەنوسینەکانی مەلیکەکانیاندا هاتووەو بەشێوەی نوسینی مێخی زۆر شانازی بەسووتاندنی دێهات و تێکدان و کاولکردن و کوشتن بەشێوەی ناسۆرو ئەشکەنجەی جۆراو جۆرو بەدیل بردنی خەڵکێکی زۆر لەژن ولەپیاو دەکەن، پیاوەکان بەڕووت و قوتی و لەدواوە هەر دوو دەستیان بەستوون, ژنەکان داوێنیان بڕیون و لەگەڵ پیاوەکاندا ئەو هەموو ماوە دوورە بەو شێوەیە بردونیان بۆنەینەوا)) ،وەلێ پێش بەخۆدا هاتن و بەهێز بوون ئاشووریەکان لەژێر دەستی لۆلۆییەکاندا بوون, چەند پاشایەکی لۆلۆیی دەسەلاتدارو فەرمانڕەوایان بوون, لەم رووەوە هێژا ئەمین زەکی بۆمان دەئاخڤێ و دەڵێ(( زۆر ڕێ ی تێ ئەچێ کە ئەم گەلە توانیبێتیان لەهەر دوو سەدەی هەژدەو نۆزدەی پێش زایینیدا ئاشوریەکان بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە, لەو سەردەمانەدا پاشاکانیان (لۆلۆ)یی بوون چونکە ناوەکانیان زیاتر بەناوی گروپەکانی (زاگرۆس) دەچێت وەك لەناوی گروپە سامیەکان وەك: (ئاداس, بازی, لۆبای, لۆللای,...)

کورد دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکەن، لەڕێگای کۆچ و کۆچبارەوە نەهاتوون ، ئەمە ئەو بۆچونە جیاوازەیە کە بە بەڵگەوە، پێچەوانەکەی ئەسەلمێنرێت :

1. نەبونی هیچ کۆنینەیەکی مرۆڤی دەوری بەرد لەو ناوچانە .
2. نەبونی کۆنینەی شارستانی دەوری دێ نشین لە پێش زاگرۆس و میزۆپۆتامیا.
3. نەبونی نوسراو نەبەزمانی ئاری ، نە بە زمانێکی تر پێش سۆمەریەکان لە ناوەڕاستی ئاسیادا.....

بونی پێچەوانەی ئەو خالانە لە میزۆپۆتامیا و زاگرۆس دا بەڵگەی ڕوون وئاشکران بۆ

دانەدواوەی تیۆری کۆچ کردن.(6)

هەندێ لە مێژووناس و زانایان میدیەکان ئەکەن بە باپیرە گەورەی کوردەکان ، بەوانیانەوە دەبەستنەوە :

***ئەدمۆندز دەڵێت** : بە پێی بەڵگەی جوگرافیایی و زمان ناسی دەشێت بگوترێت کە کوردەکان نەوەی ئەو مادانەن کە لە ڕەچەڵەکی پاشاکانەوە هاتوون .(7)

***مامۆستا سایس دەڵێت** :گەلی ماد چەند هۆزێکی کورد بوون کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوردا نیشتەجێ ببوون ، سنوریشیان دەگەیشتە خواروی دەریای قەزوین ئەم گەلەش لەڕوی زمانەوە لە نەتەوە هیندۆ _ ئەوروپی یەکانە ، لەڕوی ڕەگەزو خوێنەوە لەجینسی ئاری یە.(8)

***مینۆرسکی دەڵێت** : کە لە مێژوودەڕوانم و کۆچی هەموو هۆزە ئێرانیەکان دێنمە بەر چاو بۆ لێکدانەوەی بڵاو بونەوەی کوردەکان بۆ ئەوناوچەیەی کە کەوتۆتە خواروی ئەنقەرە لە ئاسیای ناوەراست و ژوروی سوریاوە جگە لە کۆچی مادەکان هیچ کۆچێکی دی بەدی ناکەم.(9)

***دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی دەڵێت** :ناوی (ماد_ مید) بێگومان پەیوەندە بە ناوی (مات_میت) لە شێوەی (کۆ_ جمع) دا بووە بە (مادان _ ماتان) یا (میدین _ میتانین) ئاشکرایە کە (د,ت) دوو دەنگی یەك سازگەن ,تەنها یەکێکیان ( کپ _ مهموس) ئەوی تریان ( دلێر _ مجهور)ـە کە زۆر سروشتی یە لە فۆنۆلۆژی دا جێ گۆڕکێ بکەن لە زمانە ئاریا _ ئەوروپیەکان دا.(10) بە مانای میدیەکان هەر میتانیەکانن و پاش چەند سالْ ژێر دەستی توانیان ئاشوریەکان بڕوخێنن ، لە هیچ شوێنێکەوە نەهاتون و کۆچیان نەکردووە ، دانیشتوانی کۆنی وڵاتی کوردەوارین ، تەنها ناوەکە لەمیتانەوە گۆڕاوە بۆ میدیا .. بە هەمان شێوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە (لۆلۆیی ، گۆتی ، کاشی ، هالدی ،میتانی ...) و تەنانەت سۆمەری یەکانیش لە ڕووی زمانەوانی یەوە زمانیان لە نێو زمانی ئاڤێستادا تواوەتەوە ، بناغەی زمانی کوردییان دروست کردووە ، لە ڕوی ڕەگەزیشەوە تۆوی یەکەمینی ئەو گەلەن کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن کوردەکان گەر لەو سەردەمەشدا ناوی کورد دەرنە کەوتبێت و وەك ناوی نەتەوەکە سەری هەڵ نەدابێت ... .

* (ماد–میدیا) فیدراسیۆنی چەندخێڵ وهۆزێك بووە لە کوردەکان ، شێوە زمانی (ماگ) بووە بە زمانی یەکگرتویان ، ئاڤێستایان پێنوسیوەتەوە کە لە سەردەمێکی درەنگ تردا ناوی کورد وەك ناوی گەل سەری هەڵداوە و پاشان چەسپیوە . لەو سەردەمانەدا هەر هۆزێك یا خێڵێك توانیبێتی هێزێکی (قەوارەیەکی) ڕامیاری دروست بکات بە ناوی شارەکەیان یا سەرۆك هۆزو خێڵەکەیان یاهۆزەکە خۆی یا ئەو خوایەی پەرستویانە یا...،یا...ناویان دەرکردووە وبڵاو بونەتەوە وەك(هۆری ،خۆری)کە خوای(هۆر _خۆر ) یان پەرستووە ، کاردۆخی لۆلۆیی...لە مێژوی نزیکیشدا نمونە زۆرە وەك میرنشینی سۆران ، بۆتان ، دەوڵەتی عوسمانی ، ئەیوبی ، دۆستەکی ... یا ڕەنگە ئەو ناوە نوێ یە هەر ناوە کۆنەکەی ئەو هۆز و خێڵانە بوون کە لە پێش چەند ساڵێکدا دەسەڵاتیان هەبووە ، لە دوای ڕوخاندنیان و ڕابوردنی ماوەیەکی زۆر ناوەکە بەشێوەیەکی تروجیاوازتر دەر کەوتبێتەوە کە کەمێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە وەك میدیەکان کە میتانیەکانن و پاش ئەوەی بۆچەند سەدەیەك لە ژێردەسەڵاتی ئاشوریەکاندا بوون توانیان بیان ڕوخێنن ، بە ناوی

میدیەکانەوە ئەمجارە ناو دەربکەن.(11)

خێڵ و هۆزەکان لە کوردستاندا چەند دەوڵەتێکیان دروستکرد وەك (گۆتی، لۆلۆیی، کاشی، هوری..هتد) کە ئەم ناوانە لە سەرۆك خێڵ و هۆزیا خواوەند یا ناوچە..وەرگیراوەو بۆتە ناسنامەی دەسەڵات داریتی یان. بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنی بەرهەم هێنان بووە هۆی زۆر بوونی دانیشتوان، خێڵە خزمەکانی لەیەکتر نزیك کردەوە، ئەم وارە بووە هۆی لێك گرێدانی خێڵەکان، چی دی نەدەکرا لە سنوری تەسکی خێڵ و هۆزەکاندا بمێننەوە، لە پرۆسەیەکی مەزنی گۆڕان کاری کۆمەڵایەتیدا (گەل) دروست بوو. ئەنگلس لەم ڕووەوە دەڵێ: زیادبوونی دانیشتوان، یەکێتی ناوەکی و دەرەکی دەکاتە شتێکی پێویستتر، لە هەموو شوێنێکدا یەکێتی خێڵە خزمەکان بە زوتر تێك هەڵکێش دەکا، لە ئەنجامدا تێك هەڵکێشکردنی سەر زەمینە خێڵەکییە پارچەپارچەکراوەکان لە یەك سەرزەمینی هاوبەشی گەل دا دەبێ بەپێویستی.(12)

گەل یەکێتییەکی کۆمەڵایەتیە کە یەك خاك، زمان، کلتور... لەهەناوی خۆیدا ڕێك دەخا، هەلومەرجی پێشکەوتن زیاتر بەرجەستە دەکات بەهۆی زیاتر چەسپاوی تری شێوازی کۆمەڵایەتی کە توانایەکی زیاتری پێ دەبەخشێ بۆ بەرەو پێشەوە چوونی مێژوو، دروستکردنی مەرج وئەگەری لەبارترو باشتر بۆ دابەشبوونی کارو برەوپێدانی. بەمانای میدیا بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن دەچوو کە بووە ستێرکی داگیرکەران، فارسەکان تونییان بیروخێنن و بەشێ لە کوردستان داگیر بکەن، ئیتر چەند دەوڵەتێکی بچوك دروستکران وەك میدیای بچوك، ئەترۆپاتین.. کە ئەمانیش لەچەند ساڵی داهاتوودا بەدەستی یۆنانیەکان ڕوخێنران، کوردستان کەوتە بن دەستی داگیرکەران ئینجا چ فارس یا ڕۆم یا یونانیەکان بێت.

## پەراوێزەکان:


1. عومەری مام رەمەزان : ئێزدیەکان کێن؟، (سلێمانی ، چاپەمەنی ئەزمەڕ، 1996) ل11.
2. د. جەمال رەشید ئەحمەد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژ111، بەغدا، 1986، ل44.
3. د. جەمال رەشید ئەحمەد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، 1988، ل463.
4. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 151، ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان پێدراوە.
5. محمد امین زکی:(خلاصة تاريخ الكرد والكردستان)، ت:محمد علي عوني، بغداد، الطبعة الثانية، ل 74–80.
6. د.پاکیزە رەفیق: گۆڤاری کاروان ، ژ (71، 1989)، ل 50.
7. زوبێر بیلال : مێژوی زمانی کوردی، و: یوسف رەوف، بەغداد، 1984، ل25، لە (کوردو تورك و عەرەب) ئەدمونز وەرگێڕاوی بۆ عەرەبی، بەغدا، 1971، ل12، وەرگیراوە .
8. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل25، لە مێژوی کوردو کوردستان، ئەمین زەکی بەگ، چاپی دووەم ، بەغدا ، 1963، جزمی دووەم ( تاريخ العالم للمؤرخين )ـەوە وەرگیراوە .
9. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل25، لە گۆڤاری کوڕ، { ژ1، لا559} وەرگیراوە .
10. د. پاکیزە رەفیق حیلمی :گۆڤاری کاروان ، ژ 71، ساڵی 1989، لا49 .
11. عومەری مام رەمەزان ، ئێزدیەکان کێن ؟، ( سلێمانی ، چاپەمەنی ئەزمەڕ، 1996)، ل21.
12. ف .ئەسەسەرد: دەربارەی شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لە کوردستان دا، بلاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە، 1987، ل23.